# بەختیار وەک تاقانە

**دلاوەر قەرەداغی**

دواجار بەختیار عەلی وەک چاوەڕوان دەکرا، لە ئاستێکی ئەدەبیی ڕاقییدا ڕێزی لێ نرا و خەڵاتی خانمە شاعیری سوێدی بە ڕەگەز ئەڵمانی نێلی زاکس (خاوەن خەڵاتی نۆبێڵی ئەدەبیاتی ساڵی ١٩٦٦) ی وەرگرت. بەختیار لە ڕێی پردی وەرگێرانی دوو ڕۆمانییەوە بۆ زوبانی ئەڵمانیی و بە وەرگرتنی ئەو خەڵاتە، بەر لە هەر شتێک لە دونیای کوردبوون و لۆکاڵیی بوون و تەنگەنەفەس بوون و شەڕ پێ فرۆشتن پەڕییەوە، پەڕییەوە و ڕزگاری بوو لە موقابەلەی نابەدڵی چەند لاپەڕەیی پڕ لە هەڵەی ئیملایی و باش پاکنووس نەکراو، لە نووسینی پڕ موجامەلە و درێژدادڕ و بە شان و باڵدا هەڵدانی بێ مانا، لە دیداری ئەماتۆرییانەی کرچ و کاڵ، پەڕییەوە و ڕزگاری بوو لە موریدگەلی حولحولیی و خۆ پێداهەڵواسەر و بێ وەفا.

ناحەقی و پارادۆکسێکی سەیرە ئەگەر ئێمە پیرۆزبایی ئەو ڕچە شکاندنەی بەختیار، وەک هەندێک کەس دەیکەن، لە خۆمان و لە نووسین و لە ئەدەبیاتی کوردی بکەین. لە ڕاستیدا ئەگەر هەر شانازییەک لەو خەڵاتەدا هەبێ، ئەوا تەنها بۆ بەختیار خۆی و بۆ ڕۆمانەکانی و بۆ داهێنانەکانی و بۆ جوانیی و ئینسانیی بوونی شیعر و نووسینەکانییەتی. ئەگەر شانازییەک هەبێ، تەنها و تەنها بۆ سەرسەختی و بەرگەگرتنەکانی بەختیار خۆیەتی، بۆ شەڕە تەنها باڵ و تەنیاکانییەتی، بۆ ئەو دڵۆپە خوێنانەیە کە بە تیری یار و نەیار دڵۆپ دڵۆپ وەک یاقووتی شین لە دڵییەوە ڕژان. بۆ ئەو شەوانەیەتی کە نەدەچوونەوە سەر هیچ بەیانییەک، بۆ ئەو سەفەرانەیەتی کە نەدەچوونەوە سەر هیچ ئاوەدانییەک، بۆ تڵپەی ئەو گریانانەیە کە بە دیار نووسینەوە لە گلینەیدا جێ دەمان... بۆ دەواری ئەو تەنیاییانەیە کە لە ناو ڕەشەباکاندا لە ژێریاندا دەینووسی و دەیکوژانەوە و دەینووسی و شەونخوونیی دەکێشا.

هیچ گومانی تێدا نییە ئەگەر بە گوێرەی پێودانگە تەقلیدیی و باوەکانی ئەدەبیاتی کوردی و بەو مەرج و پێشمەرجانە بووایە کە ئەو جۆرە نووسین و ئەدەبیاتە دەیەوێ، ئەوا دەبوو بەختیار هەر زوو یان کۆڵی لە نووسین دابا، یاخود دەبوو ببوایەتە وەزیفەنووس و حەکایەت گێڕەرەوەیەکی گوێڕایەڵ و شوکرانەبژێر و قەدرزان.

خۆ ڕەنگە مانای ڕاستەقینە و مەعنەویی خەڵاتە ئەدەبییە سەنگین و بە بەهاکانیش، لەو خۆڕاپسکاندن و ڕاچەنینانەدا بن کە مرۆڤ لە ئاستێکەوە دەبەنە ئاستێکی باڵاتر، لە ژینگەیەکی کولتووریی مینرێژکراوەوە دەیبەنە ژینگەیەکی کولتووری خاوێنتر، لە پێگەیەکی ژیاریی بچووکەوە دەیگوێزنەوە بۆ پێگەیەکی ژیاری گەورەتر و لە زوبان و فەزایەکی داخراوەوە ئاشنای دەکەن بە زوبان و فەزایەکی کراوەتر و دادوەرانەتر و ئینسانی تر...

بۆیە بمانەوێ و نەمانەوێ، بەختیار عەلی چیدی بەختیارەکەی بەر لە وەرگرتنی خەڵاتی نیللی زاکس و بەر لە وەرگێڕانی سێ ڕۆمانەکەی بۆ زوبانی ئەڵمانیی و ئینگلیزی نییە، بەڵکو ئەو ئێستا خۆشبەختانە بەختیارێکە دوو فەرسەخ دوور لە لێرەبوون و فەرسەخێک نزیک لە لەوێ بوون و جیهانیی بوون.

ناکرێ ڕۆڵی وەرگێرانیش لەو دەستکەوتە گرینگەدا نادیدە بگرین. خەڵاتەکەی بەختیار عەلی، سەرلەنوێ گرینگیی وەرگێڕان، گرینگیی ئەو پردە ئەفسووناوی و شارستانیی و داهێنەرانەیەمان وەبیر دێنێتەوە، کە بە دونیای دەرەوە، بە خوێنەر و ڕەخنەگر و داودەزگای ئەدەبیی دەرەوە ڕایەڵمان دەکا.... داودەزگاگەلی دادوەر کە لەو سەرابەی نووسیندا تەنها لە خەمی هەڵگۆزانی دەنکە مرواریی جوانییدان،

دڵنیاشم زۆر دەنکە یاقووت و مرواری تر لە ئەدەبیاتی بەختیار و لە ڕێی وەرگێڕانی ڕۆمانەکانییەوە بۆ سەر زوبانەکانیان ماون، کە هەڵیان بگۆزن و بیانبینن و بە جوانییان سەرسام بن.

بیریشمان نەچێ، بەخشینی خەڵاتی نێلی زاکس بە بەختیار عەلی، بە جۆرێک لە جۆرەکان هەوڵێکە بۆ گەڕاندنەوەی بەها بۆ مانای مەعنەوی خەڵات لە دونیای کولتووری ئێمەدا، کە ئەویش وەک زوربەی شتەکانی تر، کەوتۆتە ناو زۆروبۆریی و تێکەڵپێکەڵییەوە، کە زۆر جار مرۆڤ سڵی لێ دەکاتەوە و خۆی لێ دەبوێرێ. لەبری ئەوەی بە خەڵات و پێزانین ڕێزت لێ بنرێ، ناوت دەزڕێنرێ. نموونەیش بۆ ئەمە هێند زۆرە کە چ پێویست بە ئاماژە پێدانیان ناکا.

پیرۆزبایی لە بەختیار عەلی ئازیز... لە وەرگێڕە لە خۆبوردووەکانی... لە شیعر و ڕۆمانە جوانەکانی... لەو خوێنەرانەی کە ئەدەبیاتەکەی بەختیاریان خۆش دەوێ، بە تایبەتی کە ئێستا ئیدی جگە لە کوردی، دەتوانرێ بە زوبانەکانی ئەڵمانی و ئینگلیزیی و فارسییش بخوێنرێتەوە .

---

لە دۆسیەیەکی تایبەت بە بەختیار عەلی لە ژمارەی نوێی چاودێری ئەدەب و هونەر دا...